دوو گەشتیار بە تەمەتی دزینی 35 ملیۆن لە باوکیان لە شاری سلەمانی دەستگیرکران

دوای کەمتر لە چوار کاتژمێر لە دیارنەمانیان، دوو هاوڵاتی دانیشتوانی پارێزگای زیقار کە لەلایەن کەسوکاریانەوە گومانکرا لەفڕانبن، دەزرانەوە و دەرکەوت تەمەتبارن بە دزیکردن.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلەمانی رایگەیاند، "لەدوای بەدەستگەیشتنی نوسراوەکی پلیسی پارێزگای زیقار، لەسەر سکاڵای باوکێک سەبارەت بە دیارنەمانی دوو کوڕە هەرزەکارەکەی، هێزەکانی ئاسایش دوای کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوون، بەیان دەرکەوت لە ڕێگەی گروپێکی گەشتیارییەوە هاتوونەتە شاری سلەمانی و لە هۆتێلێکدا ماونەتەوە، پاش لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەرکەوت بڕی 35 ملیۆن دیناری عێراقییان لە باوکیان بردووە و خەیان حەشارداوە".